# ناکۆکی (dispute) و هەڵوەشاندنەوەی (breakdown) بەرنامەی سپۆنسەر

## ناکۆکی (dispute)ی بەرنامەی سپۆسنەر چیە؟

ئەو ڕێکنەکەوتن و لێکتێنەگەیشتنانەن کە لەوانەیە لە ماوەی بەرنامەی سپۆسەریەکە، بە شێوەیەکی ئاسایی لە نێوان سپۆسەر و پەنابەرەکەدا بێنە ئاراوە. ناکۆکیی **(dispute)** سپۆسەر ڕێکنەکەوتن دەربارەی مەرجەکانی سپۆسەریەکە تا جیاوازی بۆچون لەسەر کێشە جۆراوجۆرەکان دەگرێتەوە. خۆشبەختانە، ئەم ناکۆکیانە **(dispute)** هەموو جارێک بە پوچەڵکردنەوەی **(breakdown)**سپۆنسەریەکە کۆتایی نایەت.

لەوانەیە بە جێبەجێکردنی ئەو ئامۆژگاریانەی پەیوستن بۆ خۆلادان لە ناکۆکی **(dispute)** و پوچەڵکردنەوە **(breakdown)** و پێشێلکاری **(default)** لە لاپەڕەی ٤ ی ئەم بەڵگەنامە، بتوانرێت بەرنامەی سپۆنسەری بەرەوباشتر ببرێت و چارەسەر بکرێت. بەشی کۆچ و پەنابەران و هاوڵاتیانی کەنەدا **(IRCC)** دەتوانێت لە ڕێگەی ئۆفیسە خۆجێیەکانی **IRCC** لە ناکۆکی **(dispute)**ەکانی سپۆنسەریدا هاوکاریتان بکات، ئەم ئۆفیسانە لە کێشەکانی دوای گەیشتن بەرپرسن. ئۆفیسە خۆجێیەکانی **IRCC** کاتێک دەست وەردەداتە ناکۆکیەکانی **(dispute)** سپۆنسەری کە:

- یەکێک یان هەردوو لایەنی ناکۆکیەکە **(dispute)** داوای دەست تێوەردانی **IRCC** بکەن؛ یان
- ڕێبەری ناوخۆ کێشەکەی پێ چارەسەر ناکرابێت؛ یان
- پەنابەرەکە لە ماوەی بەرنامەی سپۆنسەریەکە پەنای بۆ ئاژانسێکی خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتی بردبێت و ئاژانسەکەت پەنای بۆ **IRCC** هێنابێت بۆ پرسیار کردن دەربارەی کەیسەکە.

## پوچەڵکردنەوەی (breakdown)بەرنامەی سپۆنسەر چیە؟

پوچەڵکردنەوەی **(breakdown)**بەرنامەی سپۆنسەری ڕاگەیاندنێکی فەرمیە کە "هەڵەیەکی کوشندە" لە ڕێکخستنی سپۆسەریە لە نێوان سپۆنسەرەکە و کەسی سپۆنسەرکراودا ڕویداوە. لە حاڵەتی پوچەڵکردنەوەی **(breakdown)**سپۆنسەریەکە، **IRCC** بەڵگەنامەی "ڕاگەیاندنی پوچەڵکردنەوەی **(breakdown)**بەرنامەی سپۆنسەری" (Declaration of Sponsorship Breakdown) دەردەکات، بەمەش بەرنامەی سپۆسەریەکە هەڵدەوەشێتەوە.

## پێشێلکاریەکانی (default) بەرنامەی سپۆنسەری چین؟

پێشێلکاریەکانی **(default)** بەرنامەی سپۆنسەری کاتێک دەردەچێت کە دەرکەوت گروپی سپۆنسەر کردنەکە بەرپرسن لە پوچەڵکردنەوەی **(breakdown)**بەرنامەکە و هەوڵیان نەداوە کێشەکان چارەسەر بکەن و ئەوەش بۆتە هۆی پوچەڵکردنەوە **(breakdown)**. پێشێلکاری **(default)** ی گروپی بەرنامەی سپۆنسەری واتە پێشێلکردن و ڕەچاونەکردنی بەرپرسیارێتیەکانی ڕێکەوتنامەی گروپی سپۆنسەریەکە یان جێبەجێنەکردنی ئەرکە دارایی و نادارایەکان بەپێی بەڵێننامەکە **(Undertaking)** (فۆرمی IMM 5373) و/یان ڕێکەوتنامەی بەرنامەی سپۆنسەریەکە (Sponsorship Agreement).

## هۆکارەکانی پوچەڵکردنەوەی (**breakdown**) بەرنامەی سپۆنسەری چین؟

هۆکاری زۆر لە پشت پوچەڵکردنەوەی (breakdown) بەرنامەی سپۆنسەریەوەن، وەک:

- ناکۆکیەکی (**dispute**) چارەسەرنەکراو، وەک ناکۆکی (**dispute**) کەسی، هیوای ناواقیعی، یان کێشەی رازینەبوون بە ئاستی ئەو هاوکاریەی بە کەسی سپۆنسەرکراو دەبەخشرێت.
- مەرجەکانی بەرنامەی سپۆنسەریەکە ناتوانرێت جێبەجێ بکرێت بەهۆی گۆڕانکاریی کەسی لە دۆخی کەسی پەنابەر، هەندێک لەو گۆڕانکرایانە ئەمانەن:
  - جیابوونەوە یان تەڵاق؛
  - کۆچی لاوەکی ناوخۆیی، یان بە شێوەیەکی تر، پەنابەرەکە بڕیاری داوە بگوازێتەوە بۆ هەرێمێکی جیاواز، وە سپۆنسەرەکان ناتوانن یان ناگونجێت هاوکاریی پەنابەرەکە بکەن لە کۆمەڵگە نوێکەیدا؛
  - سپۆنسەرەکان بەرپرسیارێتیەکانی خۆیان لە پێدانی شایستە داراییەکان و/یان هاوکاری نیشتەجێبوون جێبەجێ ناکەن.
  - پەنابەرەکان بڕیار دەدەن لە ماوەی یەک ساڵی سپۆنسەریەکە لە هاوکاریی کۆمەڵایەتیی بەردوامبن و بە سپۆنسەرەکان ناڵێن.

## دەبێت چی بکرێت ئەگەر ناکۆکی (dispute) یان پوچەڵکردنەوەی (breakdown) بەرنامەی سپۆنسەری روویدا؟

ئەگەر ناکۆکی (**dispute**) نێوان لایەنەکان نەتوانرا چارەسەر بکرێت و پوچەڵکردنەوەی (**breakdown**)بەرنامەی سپۆنسەریەکە نزیک بوو لە روودان، دەبێت سپۆنسەر یان کەسی سپۆنسەرکراو بە یەکێک لەم رێگایانە پەیوەندی بە **IRCC** بکەن:

- ئیمێڵ ناردن بۆ PSR-PPPR@cic.gc.ca بۆ ئەوەی پەیوەندیت پێوە بکرێت و بتگەیەنن بە ئۆفیسی خۆجێیی IRCC، یان
- پەیوەندیکردن بە ناوەندی تەلەفۆنی IRCC بە 1-888-242-2100

1. کە ئۆفیسی خۆجێیی IRCC لە ناکۆکیەکە (dispute) ئاگادار کرایەوە، پەیوەندیی بە گروپی سپۆنسەریەکە و خێزانی پەنابەرەکەوە دەکەن. IRCC قوڵی کێشەکە دەخەمڵێنێت وخۆیان یەکلا دەکەنەوە کە دەست تێوەردان بکەن یان نا.
2. ئەگەر دەست تێوەردانی IRCC پێویست بوو، ئەفسەری IRCC هەوڵدەدات یارمەتی لایەنەکان بدات ناکۆکیەکە (dispute) چارەسەر بکەن.
3. ئەفسەری خۆجێیی IRCC وەک "نێوەندگیر" رۆڵ دەبینێت. ئەگەر چارەسەرێک نەدۆزرایەوە، IRCC بڕیاری کۆتایی دەدات دەربارەی هەنگاوەکانی داهاتوو.
4. ئەگەر لە ماوەی پرۆسەی نێوەندگیریەکە (کە لەوانەیە چەندین هەفتە بخایەنێت)، هاوکاریی نیشەجێبوون و هاوکاریی دارایی کتوپڕ پێویست بوون، IRCC پەنابەرەکە دەگەیەنێت بە دەسەڵاتدارە خۆجێیەکانی کۆمەڵایەتی و خۆشگوزەرانی (بۆ ئەوانەی لە لایەن (Groups of Five) یان ( Community Sponsors) سپۆنسەر کراون) یان پرۆگرامی هاوکاریی نیشتەجێبوون (RAP) بۆ یارمەتیی داهات (بۆ ئەوانەی لە لایەن "Sponsorship Agreement Holder"(هەڵگرانی رێکەوتنامەی سپۆنسەری) سپۆنسەر کراون).
5. ئەگەر پوچەڵکردنەوە (breakdown) راگەیانرا، IRCC بڕیار دەدات کە کام لایەنە بەرپرسیارە. بەرپرسیارێتیی پوچەڵکردنەوە (breakdown) لەوانەیە بکەوێتە ئەستۆی سپۆنسەرەکان، پەنابەرەکان، IRCC یان هیچ لایەنێکیان. ئەگەر بڕیاردرا کە گروپی سپۆنسەرکردن بەرپرسیارن، IRCC لێکۆڵینەوە دەکات ئە ئەگەر ئەوان وەک پێشێلکاری (default) بەرنامە سپۆنسەریەکە تەماشا بکرێن یان نا. ئەم خەمڵاندنە ئەوەیش دەگرێتەوە کە ئایا سپۆنسەرەکان هەوڵیانداوە دۆخەکە چارەسەر بکەن یان نا.

بەدرێژایی کێشەکە، گروپی سپۆنسەریەکە دەبێت بەردەوامبێت بلە بەرپرسیارێتیەکانی بەرنامەی سپۆنسەری.

لە حاڵەتی تیوەگلانی (Constituent Group (CG یان سپۆنسەرە هاوبەشەکان لە Sponsorship Agreement Holder (SAH)، گرنگە SAH لە ناکۆکیەکە (dispute) ئاگادار بکەنەوە بۆ ئەوەی بتوانن لە ناو خۆیاندا هەوڵی چارەسەر کردنی بدەن، چونکە لە کۆتاییدا ئەوان بەرپرسن لە بەرنامەی سپۆنسەریەکە. لە هەندێک حاڵەتدا، SAH دەتوانێت هەوڵی گواستنەوەی بەرپرسیارێتەیەکە بدات بۆ سەر شانی CG-یەکی تر، یان خۆی شان بخاتە ژێر بەرپرسیارێتیەکە. SAH دەتوانێت داوا لە SAH-کی تر بکات بەرپرسیارێتیی بەرنامە سپۆنسەریەکە بۆ ئەو ماوەی کە ماوە لە ئەستۆ بگرێت.

ئەگەر پوچەڵکردنەوە (breakdown) راگەیەنرا، سپۆنسەرەکە، لەگەڵ هاوکاریی ئۆفیسی خۆجێیی IRCC، لەوانەیە هەوڵی گۆڕینی سپۆنسەرەکە بدات بۆ سپۆنسەرێکی تر بۆ پەنابەرەکە. ئەگەر گروپێکی سپۆنسەری نوێ نەدۆزرایەوە:

- ئەو پەنابەرانەی لە لایەن SAH (یان CG یان سپۆنسەرە هاوبەشەکانی SAH) سپۆنسەر کرابن، رەوانەی هاوکاریی داهات (RAP) دەکرێن بۆ ئەوەی یارمەتیی دارایی بدرێن تا ئەو کاتەی خۆیان دەتوانن پشتیوانی خۆیان بکەن یان ماوەی بەرنامەی سپۆنسەریەکە کۆتایی دێت.
- ئەو پەنابەرانەی لە لایەن (Group of Five) یان (Community Sponsor) سپۆنسەر کراون لە وانەیە راگەیاندنی پوچەڵکردنەوەی (breakdown)بەرنامەی سپۆنسەریان ( Declaration of Sponsorship Breakdown) بۆ دەربکرێت و رەوانەی دەسەڵاتدارانی هەرێمی بۆ هاوکاریی کۆمەڵایەتی بکرێن.

## لێکەوتەکانی پوچەڵکردنەوەی (breakdown)بەرنامەی سپۆنسەری چین بۆ پەنابەران؟

ئەگەر IRCC بڕیار بدات کە کەسی سپۆنسەرکراو بۆتە هۆی پوچەڵکردنەوەکە (breakdown)، لەوانەیە ئەو کەسە چیتر هاوکاریی زیاتر لە گروپەکانی سپۆنسەریی کەنەدا و IRCC وەرنەگرێت.

## لێکەوتەکانی پوچەڵکردنەوەی (breakdown)بەرنامەی سپۆنسەری چین بۆ سپۆنسەرەکان؟

ئەگەر گروپی سپۆنسەرکردن بەرپرس نەبوو لە پوچەڵکردنەوەی (breakdown)بەرنامەکە، راگەیاندنی پوچەڵکردنەوەی (breakdown)بەرنامەی سپۆنسەری (Declaration Sponsorship Breakdown) فەرمانێکی "راگەیاندنی بێتاوانی" لەلەگەڵدا دەردەچێت سەبارەت بە پوچەڵکردنەوەکە (breakdown). بۆیە هیچ دەرئەنجامێکی نابێت بۆ گروپی سپۆنسەرەکە.

**گروپی سپۆنسەریەکە بەرپرسیار نابن بەرامبەر پوچەڵکردنەوەکە (breakdown) ئەگەر زانرا کە:**

- بەردەوامن لە پابەندبوون بە بەرپرسیارێتیەکانی سپۆنسەریەکەیان؛

- دۆخێکی پێشبینی نەکراو کاریگەری لەسەر گروپی سپۆنسەری دروست بکات و نەتوانن بەرپرسیارێتیەکانیان جێبەجێ بکەن و گروپێکی تر راسپێردرابێت کارەکان جێبەجێ بکەن، یان هەوڵی گونجاو درابێت بۆ ئەوەی گروپێکی تر بۆ سپۆنسەرکردن بدۆزنەوە؛
- بەرپرسیارێتیەکانی گروپی سپۆنسەریەکە جێبەجێ نەکرابن لەبەر هۆکارێک کە لە دەرەوەی دەسەڵاتی ئەوان بووە (بۆ نمونە، پەنابەرەکە سەربەخۆیانە لە شوێنی زانراوی نیشتەجێبوونی خۆی دەگوازێتەوە، بەبێ هیچ ناکۆکیەک (dispute)) و گروپەکە هەوڵی گونجاویان دابێت کە سپۆنسەرێکی تر بدۆزنەوە.

**پێشێلکاری (default) ی (default) بەرنامەی سپۆنسەریەکە کاتێک رادەگەیەنرێت کە گروپەکە بەرپرس بن کە پوچەڵکردنەوەی (breakdown)بەرنامەی سپۆنسەریەکە، وە نیازیان نیە هەوڵ بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە بدەن.**

**دەرئەنجامەکانی پێشێلکاریی (default) سپۆنسەریەکە ئەمانەن:**

- گروپی سپۆنسەریەکە رێگەیان پێنادرێت چیتر سپۆنسەری پێشکەش بکەن هەتا ئەو کاتەی پێشێلکاریەکە (default) چارەسەر دەکرێت.
- بۆ SAH، رێکەوتنامەی سپۆنسەریەکەیان لەوانەیە هەڵپەسێردرێت یان هەڵبوەشێتەوە.
- IRCC لەوانەیە بگات بەو دەرئەنجامەی گروپی سپۆنسەری ناتوانن بەرپرسیارێتی خۆیان لەو کەیسانە جێبەجێ بکەن کە لە دەرەوەی وڵاتن، وە راسپاردە دەربکات بۆ هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەتی سپۆنسەری بۆ ئەو کەیسانەی تەواو نەبوون. IRCC لەوانەیە چاودێری بەرنامە سپۆنسەریە کاراکانی گروپەکە بکات لە کەنەدا کە هێشتا لە ماوەی ساڵی سپۆنسەریدان، بۆ ئەوەی دڵنیابێت هاوکاریی پێویستیی دارایی و نیشتەجێبوون پێشکەش دەکرێت.

**پێشێلکاری (default) کۆتایی دێت کاتێک:**

- گروپەکە ئەو پارەیە دەداتەوە بە حکومەت کە حکومەت پێیداوە بۆ هاوکاریکردنی پەنابەران پێیداوە؛ یان
- ئەفسەرێکی IRCC یەکلای دەکاتەوە کە گروپی سپۆنسەریەکە ئەرکەکانی خۆی بەجێهێناوە یان نا.

دەکرێت پێشێلکاریی (default) دارایی هەموو گروپی سپۆنسەریەکە یان ئەندامێکیان بگرێتەوە.

**چۆن دەتوانرێت خۆ بەدوور بگیرێت لە ناکۆکی (dispute)، پوچەڵکردنەوە (breakdown) و پێشێلکاری (default) ؟**

هەمیشە باشترین شت ئەوەیە هەوڵبدەیت خۆت لە ناکۆکی (dispute)ی بەرنامەی سپۆنسەری بەدورد بگریت. ئەمانەی خوارەوە چەند خاڵێکی گرنگن دەربارەی رێگریکردن و بەرێوەبردنی ناکۆکی (dispute):

- **ئامادەسازی:** دەبێت گروپەکانی سپۆنسەرکردن بە باشی راهێنراین و پڕچەک کرابن بۆ سپۆنسەرکردن. SAH بەرپرسە لە راهێنانی گروپە ئەندامەکان (CG). Group of 5, Community SAH, CG, Sponsors و سپۆنسەرە هاوبەشەکان سەرچاوەی زۆر و دەرفەتی راهێنانی زۆریان هەیە لە رێگەی ماڵپەڕی پرۆگرامی راهێنان بۆ بەرنامەی سپۆنسەری (RSTP) : (www.rstp.ca).

- **پەیوەندی و گەیاندن**: پەیوەندی و گەیاندنی رون و بەردەوام و کاریگەر زۆر گرنگە بۆ هێنانەدی پێشبینیە راستەقینەکان. ئەمانەش ئاشناکردنی پەنابەران ماوەیەکی کەم دوای گەیشتینیان بە ژیانی کەنەدا، وە بەردەوامی پەیوەندیی بە درێژایی بەرنامە سپۆنسەریەکە دەگرێتەوە. کاتێک کێشەی زمان دێتە پێشەوە، دڵنیابەرەوە کە پەیوندیەکە لە رێگەی وەرگێڕێکەوە ئەنجام دەدرێت کە هەمان زاراوەی پەنابەرەکەی هەیە، وە داوا لە وەرگێڕەکە بکە زانیاریەکە وەک خۆی بگەیەنێت بەبێ لابردن یان زیاد کردنی هیچ شتێک.
- **بەڕێوەبردنی پێشبینیەکان**: پێشوەخت گەیاندنی پێشبینیەکانی سپۆنسەر و گروپەکانی سپۆنسەری، وە پێشبینیەکانی کەسی سپۆنسەرکراو زۆر یارمەتیدەرن. لەم رێگەیەوە دەتوانرێت پێشبینیەکان هەڵبسەرنگێنرێن بۆ ئەوەی بزانن "واقیعانەیە" یان نا. نەبوونی هیچ پێشبینیەک، یان هەبوونی پێشبینیەکی "واقیعی" ناکۆکیە (dispute) کەسیەکان و تورەبوون و نائۆمێدیەکان کەم دەکاتەوە لە لەوانەیە کە ئەنجامی پێشبینی چاوەڕواننەکراو بێنە ئاراوە. ئەمەش مەترسی پوچەڵکردنەوەی (breakdown)بەرنامەکە کەمدەکاتەوە. بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی بەڕێوەبردنی پێشبینیەکان، تکایە تەماشای ئەم پەڕەی زانیاریە بکە لەم بەستەرەی خوارەوە: [http://www.rstp.ca/wpcontent/uploads/2016/07/Managing-Expectations.pdf](http://www.rstp.ca/wpcontent/uploads/2016/07/Managing-Expectations.pdf)

- **تێگەیشتن**: لەیادت بێت لەوانەیە شتی زۆر هەبێت دەربارەی دۆخەکە و تۆیش نەیانزانیت، وەک ئەوەی بۆچی لایەنەکەی تر بەو شێوەیە مامەڵە دەکات. لەوانەیە زانیاریی هەڵەی پێدرابێت یان هەڵەتێگەیشتن هەبێت و هێشتا پێتان نەزانیبێت. زۆرجار یارمەتیدەرە ئەگەر لەیادت بێت لەوانەیە تۆ هەموو وێنەکەت لەبەرچاو نەبێت. ئارامی و تێگەیشتنی زیاتر پێویستە بۆ باشترکردنی پەیوەندی و گەیشتن بە چارەسەری هاوبەش.

**لە کوێ دەتوانم زانیاریی زیاتر و هاوکاری بەدەستبێنم؟**

بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی پوچەڵکردنەوەی (breakdown)بەرنامەی سپۆنسەری، دەتوانیت بگەڕێیتەوە بۆ
In-Canada Processing of Convention Refugees Abroad and Members of the Humanitarian Protected Persons Abroad Classes – Part 3 (IP-3): [http://www.cic.gc.ca/english/resources/manuals/ip/ip03-part3-eng.pdf](http://www.cic.gc.ca/english/resources/manuals/ip/ip03-part3-eng.pdf)

ئەگەر لە تۆرۆنتۆ دادەنیشیت و پێویستیت بە یارمەتیە دەربارەی ناکۆکیی (dispute) سپۆنسەری، یان حەزدەکەیت زانیاری وەربگریت دەربارەی ۆرکشۆپەکانی داهاتوو لەسەر بەڕێوەبردنی پێشبینی و رەوشتەکانی بەرنامەی سپۆنسەری، پەیوەندیی بە RSTP-ی دەستپێشخەریی هاوکاری بۆ سپۆنسەری پەنابەرانی تۆرۆنتۆ (Toronto RSS) لە رێگەی torontorss@rstp.ca or 416-290-1700, ext. 404

ئەگەر لە دەرەوەی تۆرۆنتۆ دەژیت، تکایە پەیوەندیی بە RSTP بکە لە رێگەی ئیمێڵ ناردن بۆ [info@rstp.ca](mailto:info@rstp.ca) یان پەیوەندیکردن بە 1-877-290-1701 بۆ ئەوەی زانیاریی زیاتر بەدەستبێنیت دەربارەی ماف و بەرپرسیارێتیەکانی سپۆنسەر و پەنابەر، ناکۆکی (dispute) و پوچەڵکردنەوە (breakdown) و پێشێلکاری (default) ی بەرنامەی سپۆنسەری؛ لەگەڵ ۆرکشۆپەکانی داهاتوو، وە زیاتریش.

© 2016, Catholic Crosscultural Services and the Refugee Sponsorship Training Program. ئەم بەڵگەنامەیە بە مافی لەبەرگرتنەوە پارێزراوە و تەنها بۆ بەکارهێنانی مۆڵەتپێدراو

دەگونجێت. ئەگەر مۆڵەتت نیە و دەتەوێت ئەم کەرستانە بەکاربەێنیت، هەمووی یان بەشێکی، تکایە پەیوەندیمان پێوە بکە لە رێگەی resources@rstp.ca.

Catholic Crosscultural Services
پرۆگرامی راهێنان بۆ بەرنامەی سپۆنسەری پەنابەران (RSTP)
تەلەفۆن: 1-877-290-1701
فاکس: 416.290.1710
ئیمەیڵ: info@rstp.ca ماڵپەڕ: www.rstp.ca